# یەکنەخستنەوەی ئیدارەی هەرێم گەورەترین زەبر دەدات لە گەلەکەمان لەم قۆناخەدا!!

جەماوەری نیشتمانپەروەری کوردستان،هێزولایەنە سیاسیەکان،دام و دەزگاو ڕێکخراوە مەدەنییەکان، گومانی تێدا نییە کە پاش پارچەبوونی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دابڕانێکی "10"ساڵی و لەدەستدانی گەلێك توانای مەعنەوی و ماددی گەلەکەمان، هەموومان بە هیوا و ئومێدێکی وەها بەشداریمان لە هەڵبژاردنی رابردوودا کرد کە ئەنجامەکانی بتوانێت ببێتە هۆی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم و کۆتایی بهێنێ بەو قۆناخەی کە بە دەستی خۆمان نیشتمانەکەمان پارچە بکەین و هەروەها ببێتە هۆکارێك بۆ چەسپاندنی مافەکانمان لە دەستوور و سیستەمی نوێی ئێراقدا. بە دڵنیاییەوە بەشداری چالاکانەی جەماوەری کوردستان و پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردندا و ئەو هیوایەی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەڵچنرابوون لە جێگەی خۆیدابوو، بەڵام ئەوەتا زیاتر لە "6" مانگ بەسەرئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕدەبێت وماوەی "4" مانگ ماوەتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئایندە ـ ئەگەر دوا نەخرێت ـ کەچی هێشتا ئێمە لە کوردستاندا خاوەنی دوو ئیدارە و دوو ناوەندی بڕیاری سیاسین و تازە بەرپرسان دەڵێن لە ماوەی سێ چوار هەفتەی ئایندەدا حکومەتی یەکگرتوو دروست دەکەین. ئەگەرچی بە پێی ئەو لێدوان و بەڵێنانەی کە لە دوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمان راگەیەندران پێویست بوو هەتا 7/4 کابینەی یەکگرتووی حکومەت پێکبهێنرێت. ناتوانین بیشارینەوە، چۆن دواکەوتنی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان کاریگەریی هەبوو لەسەر هەڵوێست و رۆڵی کورد لە داڕشتنی دەستوور و چەسپاندنی مافەکانمان لە ئاواکردنی سیستەمێکی دیموکراتی فیدراڵی عیلمانی و گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان و مانەوەی پێشمەرگە وەك هێزێکی نیزامی ، کە هەتا ئێستاش نەمانتوانیوە بیانچەسپێنین، ئەوا یەك نەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم دوو هێ ندە پێگەی کوردی لە ئێراق و ناوچەکەدا لاواز کردووە و چارەسەری کێشەکەمانی دوا خستووە و هێز و مۆراڵ دەداتە لایەنەکانی رکەبەر، ئاشکراشە کە هێزەڕکەبەرەکانی کورد چەندە خۆیان کۆدەکەنەوە و پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی کە داواکانی گەلەکەمان لە دەستووردا نەچەسپێ.

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان، ئەمڕۆ دەبینین ئەو فیدراڵییە جوگرافییە- مێژووییە کە کەمترین مافی گەلەکەمانە و داوای دەکەین پەسند ناکرێت و زۆر جار پێمان دەڵێن ئێوە خۆتان فیدارڵی پارێزگاکانتان دروست کردووە و داوای فیدراڵی کوردستان لە ئێمە دەکەن. لەوەش زیاترگفتوگۆ دەکرێت تا ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك دوابخرێت بۆ دوای داڕشتنی دەستوور، کاتێکیش پێداگری دەکەین بۆ ئەوەی ئەم شارە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان پێمان دەڵێن، بگەڕێتەوە بۆ سەر کامە هەرێم، کاتێك باسی مانەوەی پێشمەرگەش دەکەین پێمان دەڵێن ئەمە میلیشیای حزبیە نەك هێزێکی نیزامی کوردستانی ولە چوارچێوەی یاسادا هەڵسوکەوت ناکات، ئەمە لەسەر ئاستی ئێراق، لەسەر ئاستی ناوچەکەش دەبینین هەتا ئێستا هێزە هەرێمییەکان، لە چوارچێوەیەکی حزبیدا لەگەڵ هەردوو ئیدارەدا هەڵسوکەوت دەکەن و ناخوازن ئیرادەی کورد لەم پارچەیەدا بناسن، لەوەش زیاتر هەم لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەم لە باکوور، دەوڵەتانی ئێران و تورکیا لە هێرشێکدان بۆ سەر جەماوەری گەلەکەمان هەتا نەبنە هێز و پشتیوانی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەم بەشەی وڵات . ئەو پارچەبوونەی ئیدارە و ئیرادەی گەلەکەشمان لەم پارچەیەی کوردستان وەهای کردووە کە نە دامودەزگاکانی هەرێم، نە پارت و رێکخراوەکان و نە جەماوەریش بتوانن ببنە پاڵپشت بۆ براکانمان لە پارچەکانی تری کوردستان، گومانی تێدا نییە ئەگەر ئیدارەی هەرێم یەکگرتوو بوایە، ئەوا خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێز دەبوو و دەیتوانی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی خاوەنی هەڵوێستی بوێرانە بێت و ببوایە بە پشتیوان بۆ جۆشدانی گیانی تێکۆشانی نەتەوەیی لە بەشەکانی تری کوردستان، ئەوکاتە کورد بە هێز و ئیرادەیەکی نەتەوەییەوە لەسەر ئاستی ئێراق و ناوچەکە خەباتی دەکرد.

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان، دام و دەزگا و رێکخراوە مەدەنییەکان و پارت و رێکخستنە سیاسییە کوردستانییەکان، ئەمڕۆکە زۆربەی هێزە جیهانییەکان سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سیستەمی جیهانین و دەرفەتێکی باش بۆ گەلەکەمان هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە خاوەنی ناسنامەی سیاسی خۆی، ئاشکراشە کە چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان لە باشووردا رۆڵێکی گرنگی دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە گشتی و لە بەدەستهێنانی ئەمناسنامەیەدا، مەرجی سەرەکی چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەشمان لەباشووردا، دروستکردنی یەك ئیدارە و یەك ئیرادەی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش بە کۆتایی هێنان بە رەوشی دوو ئیدارەیی و هەرچی زوو یەکگرتنەوەیان مسۆگەر دەبێ. دەبێت ئەو راستیەش بزانین لە کاتێکدا ئیدارەی هەرێم یەك نەگرێتەوە، ئەوا یەکێتی و پارتی هێندەی ئەو هێزانەی کەچەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان پەسند ناکەن، لەبەرامبەر گەلەکەمان تاوانبارن، بۆیە داوا لە جەماوەر و هێز و لایەنە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان دەکەین کە خاوەن هەڵوێست بن، رەخنە بکەن و چالاکی ئەنجام بدەن و فشار بخەنە سەر هەردوو هێزی دەسەڵات هەتا ناچار بن پەلە

بکەن لە یەکخستنەوەی ئیدارەی هەرێمدا، ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا ئەم رەخنە و پێشنیارانە دەکەین، لە هەمانکاتدا پێمان وایە ئەگەر یەکێتی و پارتی بەرژەوەندییە بالآکانی گەلەکەمان لەبەرچاوبگرن وبیخەنە پێش بەرژەوەندی حزبی و شەخسییەوە ئەوا هیچ ئاستەنگییەك نامێنێ بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەرێم ،هەروەها داوا لە سەرکردایەتی سیاسی هەردوو پارت دەکەین پەیمان و بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن و هەردوو ئیدارەکە یەکبخەنەوە. دڵنیاشین کە هەڵوێستی پارت و رێکخستنە سیاسی و جەماوەرییەکان رۆڵێکی کاریگەریان دەبێت لە ئاکتیڤکردنی ئەم پرۆسەیەدا.

ـ نا بۆ دوو ئیدارەیی ودەسەڵاتی حزبایەتی!

ـ بەڵێ بۆ یەك ئیدارەیی وهەڵوێستی نەتەوەیی !

مەکتەبی سیاسی

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

**2005/8/7**